فەرهاد شاکر: پەروەردەکارێکی بە ئەزموون و شاعیرێکی کوردپەروەر.. یاسین برایم

فەرهاد کێیە؟

فەرهاد شاکر عەبدولعەزیز مجروم لە ساڵی 1936 لە چەمچەماڵ لە دایکبووە، چونکە باوکی ئەوکات کاتبی دادگای بەرایی چەمچەماڵ بووە. لە شاری ڕواندز خوێندنی بنەڕەتی و ناوەندی خوێندووە. لە ساڵی 1957 خانەی مامۆستایانی بەعقوبە تەواو دەکات. لە ساڵی 1958 لە گوندی دەرگەڵە دەبێتە مامۆستا. لە ساڵی 1953 لەگەڵ لەتیف نادر پەیوەندی دەکەن بە پارتی دیموکراتی کوردستان. لە ساڵی 1961_1963 لەسەر کاری سیاسیی و چالاکیی کوردایەتیی لە کوت زیندان دەکرێت. دواتر زیندان دەشکێنێت و ڕادەکات. پاشی لە گوندێکی نزیك بەغدا، بەناوی سەعیدە دادەمەزرێتەوە. لە ساڵی 1965 دەگوازرێتەوە بۆ گوندی (باوەکوچك) لە هەڵەبجە. لە ساڵی 1969 دەگوازرێتەوە بۆ نێو شاری سلێمانی، لە قوتابخانەی زانستی ئاوارەان، وانە دەڵێتەوە. پاشی دەگوازرێتەوە پارێزگای هەولێر و قەزای ڕواندز لە قوتابخانەی جوندیان و دواتر قوتابخانەی پاشای گەورە لە ڕواندز. لە ساڵی 1972 لە ڕواندز دەیگوازنەوە بۆ شارچکەی مەخموور و پاشان بۆ هەریر و بۆ شاری هەولێر و دواتر دەیگوازنەوە هەمان قوتابخانەی پاشای گەورە لە ڕواندز. لە ساڵی 1974 ئاوارەی ئێران دەبێت. دوای گەڕانەوە لە قوتابخانەی مهاباد لە گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر دەبێتە مامۆستا. لەبەر شارەزایی لە بواری شێوەکاری و خشنووسیدا، وەکو هونەرمەندێکی دەستەنگین و ناشنبیرێکی خاوەن هەوڵست و مامۆستایێکی بە ئەزموون دەیگوازنەوە بۆ فەرمانگەی هێیەکانی فڕکردن وەکوو سەرپەرشتیاری چاپ و دیزاین، دەستبەکاردەبێت. تا ناوەڕاستی نەوەدەکان، لەم فەرمانگەیە خزمەتی کردووە و جێی پەنجەی دیاربووە. نزیکی 15 ساڵ، بە سەدان لە هێیەکانی فڕکردنی بۆ گشت وانەکان و سەرجەم قوتابخانەکان دروستکردووە. سەرپەرشتی ژمارێکی زۆری پەرتووکی قوتابخانەی کردووە، تا ئەو ڕادەی خانەنشین دەبێت. لە ساڵانی هەشتایەکان لەگەڵ پێنج کەس ڕەوانەی سوێد دەکرێت، شارەزایێکی باشی وەردەگرێت لەکارکردن لەسەر چاپخانەکانی ئەوکاتەی پەروەردە. بەشی زۆری پێستەرەکانی بابەتی فیزیا و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ و کۆمەڵەی خۆر و زینندەوەرزانی و

بابەتەکانی تر بۆ پەروەردەی چاپکردوون، ئەمەش نەك هەر بۆ پەروەردەکانی کوردستان، بەڵکوو بۆ سەرجەم شارەکانی عێراق دەنێردران، لەبەر ئەوەی چەند ساڵێك وانەی بە عەرەبی وتووتەوە و بەهۆی سەفەر و گەشتکردنیش، شارەزایەکی باشی لە زمانی تورکی و ئینگلیزی هەیە(1).
لەناوەڕاستی پەنجایەکان بەسەرەوە و شیعری نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسای کوردستانی بڵاو کردۆتەوە، بە تایبەتی گۆڤاری هەتاو (1954_1960). شیعرەکانی باسی کوردایەتی و سروشتی جوانی کوردستان و هوشیاری کۆمەڵایەتی کردووە. شارەزایەکی باشی لە شیعر و ئەدەبی کوردی هەیە و شیعری زۆریشی لەبەرە. لە خۆزانەکی شیعردۆست پەروەردەبووە و (مەجروم(2))ی باپیری شاعیریکی دیاربووە و چەند زمانێکی زانیووە. باوکیشی هاوڕێیەکی نزیکی شێخ مەحمودی نەمر بووە، لە حکوومەتەکەی ئەویش دەبێتە بەڕێوەبەری پۆستە و گەیاندن. دوای هاتنی ئینگلیزەکان بۆ شارەکە، لە سڵێمانی دووری دەخەنەوە بۆ بەغدا. ناهێلن بە هیچ شێوەیەك ڕوو بکاتەوە ئەو شارە. ئەوە بوو لە دوایدا ڕوو دەکاتە قەزای ڕواندز و نیشتەجێ دەبێت. شاکر مەجروم، باوەڕپێکراوی ڕۆژنامەی ژیانەوە و ژین و گۆڤاری پەیژە و گۆڤاری زاری کرمانجیی بووە لە بەغدا و لە ڕواندزیش تا ڕۆژی مردنی باوەڕپێکراوی گۆڤاری هەتاو بوو(3) . فەرهادیش لە بنەماڵێکی کوردپەروەر و ڕۆشنبیر، دەبێتە شیعردۆستێکی باش و شیعری چەندین شاعیری کورد لەبەر دەکات. بە خۆشی شیعر دەهۆنێتەوە. خاوەن شیعری زۆر بووە لە ڕووداوەکانی ساڵی 1974 بەشێکی زۆری ئەرشیف و بەگەنامەی ئەو بنەماڵەیە دەفەوتێت و بەم شێوەیەش شیعرەکانیش دەبنە خۆڕەمێش شەڕ و بارودوخی ئەوکاتەی کوردستان(4).
مامۆستا فەرهاد، ئێستا لە شاری سڵێمانی نیشتەجێیە و کەسێکی ڕووناکبیر و شارەزایە لە بواری مۆژوو و ئەدەب و شیعر بەتایبەتی مۆژووی شاری ڕواندز و جوڵانەوەی سیاسیی و شۆڕشگێڕیی و حزبایەتی و هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول. کەسێکی خاوەن هەڵوێست و بوێربووە. کەسێکی خۆشەویست و دڵسۆز و چالاك و پڕ وزە و توانا بووە. هەر ئەمەش وایکردووە، باجی ئەو کوردبوونەی بدات، ڕەنگە گواستنەوەی لە کاری مامۆستایەتی لەو شارە بۆ ئەم شارە گەواهی ئەم ڕاستیەمان بێ.
زرار محەمەد، مامۆستا و هونەرمەندی دیاری کورد لەسەر ئەم پیاوە، دەڵێت:"دەستی شیعری هەیە ئەو پیاوە زۆر بەهرەدارە، لە شیعر لە نووسین لە هونەر. برادەری منە و ڕۆحە بە ڕۆحە و زۆرم خۆشدەوێت. فەرهاد زۆر زۆر زیرەکە، دەستی وێنەکێشانی زۆر بەهێزی هەیە، بەڵام هیچ پێشانگایی نەکردەوە. زۆرم هاندەدا. لە هەیەکانی فێرکردن بوو، ناردیان بۆ سوێد نزیکەی دووسێ مانگان لە سەر ئەرکی حکومەت لەوێ

مانەوە. لە پێشەنگی ئەو مامۆستایانەیە کە بوونە پارتی. کەسێکی کوردپەروەر و لێهاتووە. وەختەکی لەگەڵ من پێشمەرگەبوو.”(5)
لە دەسپێکی ئەم نووسینەدا، ژیاننامەی شاعیرمان کردە، پەنجەرێکی قەشەنگ، تا ئاوەڵك لەو شاعیرە و مامۆستا دێرینەزە بدەینەوە، کە لەتەمەنێکی بچووك شیعری بۆکردوتەوە، واتە ئەو شیعرانەی لە دەسپێکیی نووسین و بڵاوکردنەوەی لە ژیانامە و گۆڤارەکان. سەرەتا بە شیعرێکی منداڵانەی ئەو دەست پێ دەکەم، کە ئەوکات، بە تەمەنێکی کەم، ناوی دەکەوێتە سەر ڕووپەڕی ژیانامە. ئەم شیعرە بە زمانی منداڵ بۆ (ڕواندز) نووسراوە، ئەوکات تەمەنی پازدە ساڵان بووە. ئەمە یەکەمین شیعری ئەو شاعیرەیە، کە ئەوکات لە ژیانامەی هەوڵێر(6) بڵاوکراوەتەوە. ئەو ژیانامەیە یەکەم ژمارەی لە 16/12/1950 و دوا ژمارەشی لە 28/12/ 1953 دەرچوو، 140 ژمارەی لێ دەرکراوە. شیعری ڕواندز، چوار کۆپلەیە، پێنجخشتەکییە. دێڕەکان لە ڕووی برگەیەیەوە ناتەواون و لەگەڵ یەك ناهێنەوە. وەڵێ لە ڕووی جوانی وشەکە و ڕستە شیعریەکان جوان و خاسیەتی شیعری منداڵانەی پێوە دیارە، ئەگەر چی خێشی ئەو منداڵە بەهرەمەندە بووە، ڕواندزی خێش ویستووە وەك: (دین) و (چاو)، ناساندنی وەکوو بەهەشت، ئامادەشە لە پێناو شار هەرچی شار لێی داوا بکات، بەچاوان بۆی جێبەجێ بکات. پاش ئەم شارەش، هەموو شارێکی ئەم دونیایەی لێ حەرامە. لە جوانیی و لە خێشەویستی. ئەمە نموونەیێکی جوانە، هەستێکی کوردانەیە، خێشویستنی شار و وڵاتە. لەم شیعرەدا، دەڵێت:

ڕواندز
رواندزە شارەکەم بەهەشت و کۆستانەکەم
گوڵ و گوڵزارو ڕەیحانەکەم دین و ئیمان و چاوەکەم
تۆ پێم بڵێ بۆ وانەکەم

من لە دونیا تا ماوم چی بفەرمووی سەرچاوم
بۆ ڕواندز زۆر سووتاوم بەو دڵەی غەمگین و پڕ تاوم
لە ناویا سەیران ئەکەم

کزەی شەماڵی دەمی بەیانی بولبول دەخوێنێ لە ناو گوڵانی
بە هەزاران دڵ ببێ حەیرانی با بۆ خۆم بکەم بەزم و سەیرانی
جوانە چیا و دۆڵەکەم

لوتکەی بەرزی سەربەستی چیاکەت بەفرو چنوور و ڕەواسەکەت
دەرمانی دەردە بێ برین و زامەکەت حەرامە دونیا پاش شارەکەت
جوانە کەژو کێوەکەم (7)

هەر لەم ژنامەیە، ناوی فەرهاد هاتووە لە هەواڵێك بە ناوی (لێژنەی مەدرسە لە ناوەندی ڕواندز (8) ئەو کات پێلی یەکەمی ناوەندی بووە، لە لێژنەی زمانی ئینگلیزی ناوی هاتووە. لەگەڵ چەند قوتابییەکی تری ئەم قوتابخانەیەیە. کە ژمارەیان شەش قوتابی بووە، ئەو بچوکترینیان بووە. ئەو لێژنەیەیە لە ڕووی بڕاوکراوە و نووسینی سەر دیوار و چیڕك و شتی وا گرنگی بە زمانی ئینگلیزی بدەن لەم قوتابخانەیە. ئەمە دەرخەری ئەو ئاستییەیە، ئەو هەر لە تەمەنی بچووك، بەهرەمەند و زیرەکبووە، هەم لە قوتابخانە و هەم لە بواری ئەدەب و هونەریشدا.

فەرهاد هەر لە زوو بەهرەی شیعر و زیرەکی لێ بەدەرکەوتووە. هەروەها بڕاوکراوەکانی ئەوکات، بەتایبەتی گۆڤاری هەتاو، شیعری تێدا بڵاوکردۆتەوە. لە تەمەنێکی بچووك، خاوەن دەنگێکی جوان و وشەی ناسك، بەتام و بۆنی کوردەواری و کەمتر وشەی بێگانەی تێدا دەبینیت. ئەمە بەدەر لەو وێنەی جوانی هونەری ئەو شاعیرە و ڕستەکان پێن لە هەوەست و هوشیاری و ئاگادارکردنەوەی تاکی کورد و جۆشدانی بە فرچکی کوردایەتیی و خەبات و قوربانیدان. شیعرەکان بۆنی شەش و جوانی وڵات و سروشتی لێدێت. بە ئەم کات بە گەنجکە کەمتەمەن، بەڵام خاوەن خامەی ڕەنگین و وشەی شیرین و ملوانکەی جوانی باڵای شیعری ئەو دەشەکێتەوە و بۆن و هەناسەی سروشتی کوردستانی لێدێت. لەم نووسینە دوو شیعری تر، ئاماژەی پێدەدەین. شیعری یەکەم بەناونیشانی کوردێك و پیرێکی هەژار(9) خودی ناونیشانەکە پێمان دەڵێت، ئەمە دەمەتەقێیەکە لەنێوان دوو مرۆڤ. یەکەم، وەکوو نەتەوەیێکی چەوساوە و ژێردەست و دووەمیش، (پیرێکی هەژار)، کە ئەویش لە ژێر زوڵم و ستەمی داگیرکەر و نەبوونی دادی کۆمەڵایەتیی و جیاوازی چینایەتیی و نەبوونی دەرفەتی خۆشگوزەرانی، جا بە هەر هۆیەکەوە بێت. لە دەسپێکی شیعرەوە لە ڕێگەی بینینی خەونەوە ئەو گفتوگۆیە دەسپێدەکات، خەوبینینەکە خودی شاعیرە، کە تازە پێناوەتە تەمەنی لاوی، خەونی لاوێکی (نوزدە ساڵان). لەو تەمەن مرۆڤ بەرەو کامبوون و پێگەیشتن دەچێت لە ڕووی جەستە و ئەقڵ و دەروونەوە، هەنگە خەونی ئەو تەمەنە خەونبینین بێت بە جوانی یار و حەز و کەف و کۆڵی هەرزەکاریی و عەشق و دڵداریێکی سادە و بینی خەون تەڵ و پڕ شەهوەت. کەچی خەونبینینی ئەم گەنجە، خەمی مللەتێکی فرامۆشکراو و داگیرکراو و مافخوراو هەڵدەگرێت. خەمی نیشتمان، خەمی کورد و خەمی ژیان و ئازادیی. پیری هەژاریش، کە خۆی دەناسێنێت وەك لوقمانی حەکیم. وەکوو شارەزا و تەگبیرکەرێکی لێزان و ئاقڵمەند. ئەمەش وەك نیشانەیێکە بۆ فێیادرەسك، سەرکردەیێك ئەم گەلە هەژارە، لە ستەم و زوڵم داگیرکەر ڕزگار بکات. تێدا وڵاتێك

لەتلەتکراو دیاردەکات کە کوردستانە. خەباتکردن و قوربانی دەوێت، لە هەمانکاتیش ئەوەمان پێدەڵێت، نەزانینیش دەردێکی کوشندەیە (هەردەم دوژمنی جەهالەتیش بن)، چونکە نەزانینیش ئاسێیی ئەم گەلەی هەشتر کردووە. شاعیر لە ڕگەی ئەم گفتوگۆ شیعرییە، ڕگای خەباتمان نیشاندەدات. خەباتکردن لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و ئزگاری نیشتمان و نەتەوە. تەنانەت ئەوەشمان پێدەڵێت، ئەوانەی بەشداری ئەو خەباتە نەکەن و لە پێناوی خێیان نەکەنە قوربانی ئەوانە زڵن:

ئەوەی کـــــــــــوردە بێ کوردستان
نەچێتە کـــــــــــــڵی تیکۆشان
هەرگیـــــــز بەوە ناڵم کوردە
بەکو ئەڵم : (… ێە) کوردە

ئەم شیعرە دوای شڕشی عەبدولکەریم قاسم نووسراوە، ەنگدانەوەی ئەو شڕشەیە، کە گەلانی ئەوسای عێراق بە ئومێدێکی گەورە دەیانوانیە ئایندەی عێراق. تێدا پەیامی ئەوە دەگەینێت لە عێراق ئەو ئازادییە لەدایکبوو وەکوو حەکیمی لوقمان، لە لانەی شڕش دەچێتە ئێران و ئەوجا تورکیا و سووریا. واتە گەان بەنو هەرچوار پارچەی داگیرکراوی کوردستان. تا ئەو پەیامە بە کوردان بدات و کە ئەوانیش بنە نو خەبات و داوای ماف و ئازادی بکەن، شڕش بکەن. لە دڕەە شیعرێکی تر، ئاماژە بەوە دەدات لێرە دەچێتە بارزان و دەرسیم، ئاماژەیە بێ شڕشی بارزان لە عێراق و شڕشی دەرسیم لە تورکیا. بێ ئەوەی جارێکی تر، ئازادی وەات بگەینێتە ئەو شونانە. لە کۆتاییدا شاعیر ئەو خەونە بەوە کۆتایی دێنێت کە کوردی عێراق ئازادبوو، لەگەێ عەرەب بوون بە برا. لێرەدا وەکو بڕکەس (10) دەڵێت:

دەستیی کورد و عەرەب زڕ کێنە تەئریخ شاهیدە
ناحەزی ووەەش لەداخا با یەخـــــەی خێ دادڕ

جارێکی تر گەلانی عێراق لە ژێر چەتری سەرکردە (عەبدولکەریمی دلاوەر)خەونی ئازادیان هاتە دێ. ئەگەر ئەم شیعرە لە ووی خەونەوە دەگڕدرێتەوە، لە هەمانکاتیش نموونەیەکی واقیعی ژیانی دوای ووخانی ژێمی پاشایەتی و هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسمان بێ دەگڕتەوە. استی ئەو وودااوانە، کە گەلانی عێراق لە ژێر زوم و ستەمی داگیرکەر ئزگاربوون.

ئەم شیعرە زڕ سادە و ساکارە، بەام لەناوەرك، قووێ و هەگری پەیامێکی مرۆقایەتیی و گەلێکی ستەمدیدەیە، ئەگەرچی شیعرەکە لەنگی لە دڕەکان دەبیندرێت، بەام لەبەهای شیعرەکە کەم ناکەنەوە، ئەوەیش بێ ئەوکاتەی شاعیر لە شیعرەکە ئاماژەی پێکردووە (تەمەنم

گەیشت بە نەزدە ساڵان) واتە تەمەنێکی بچووك بوو، شاعیریکی گەنج شیعرێکی وا درێژ بنووسێت، کە لە (35) دێڕ پێکهاتووە. شیعرەکەش لە ساڵی 1959 بۆاوکراوەتەوە، من بۆ کاتی نووسینی شیعرەکە وا دەڵێم تەمەنێکی بچووکبووە. جیاوازی هەیە لە ساڵی بۆاوکردنەوەی شیعرەکە. وشەکان، پەیڤی کوردی ناسك و جوانن، ئەو وشانە بۆنی خەبات و شۆڕش و کورد دەدەن. وەك: (کورد، گەلی کورد، میللەت، ئاوات، خەون، وڵات، ماف، کوردستان، خەبات، کوردایەتی، تێکۆشان، لەشکر، کێڵگەی تیکۆشان، کوردی دڵسۆز، بارزان، دەرسیم، ئاڵا و سوپای تێکۆشەر… هتد.) شیعرێکی درێژ بەدەگمەن وشەی بێگانە بەکاری هێناوە. شیعرەکە دەڵێت:

کوردێك و پیرێکی هەژار

ئەمشەو دیم لەخەو پیرێکی هەژار
لە ڕێگا پەیتا پەیتا دێتە خوار
بانگێکی کردم بەدەنگێکی بەرز
دەنگەکەی دونیای دەهینایە لەرز
پێی گوتم: کوردە بۆ وا هەژاری
هەردەم گرژوکاڵا بۆ وا خەمباری
گوتم: خاڵە گیان وازم لێ َبێنە
ڕێگاکەم بەردە، دڵم برینە
چونکە ناتوانم وەڵامت بدەم
لەشم برینە و دڵم پڕ لەخەم
ناتناسم تۆ کی ئەی خاڵی پیر
بۆ وا بەخەمی بۆ کوردی فەقیر
خاڵەی پیر بەدەنگێکی نزم:
ڕۆڵەگیان وەرە پێت نیشان بدەم
دەردی ئەم کوردە بۆتان چار بکەم
میللەتی کوردیش ئەگاتە ئاوات
گەر خۆیان یەك بن لە هەموو وڵات
چونکە ئەزانین مافیان خوراوە
ئەم کوردستانەش لەتلەت کراوە
بەهۆزی میللی زۆر چاك تێکۆشن
لەناوی بەرن لەشکری دوژمن
هەردەم دوژمنی جەهالەتیش بن
بەهەوڵا و خەبات لەناوی بەرن
کەسێ کە بیری کوردایەتی بۆ

جیهان قەت نابێ لەبیری بچێ
کوردەکە دەڵێ:
ئەی خاڵە، تۆ کێی توخوا پێم بڵێ
لەکوێوە هاتووی لە کوێوە بۆ کوێ؟
شاهدە بۆ خەباتی کورد
تۆکۆشانی درشت و ورد
گەلی کورد سەر ئەکەوێ
هێزی دوژمنان ئەنەوێ
ئەوەی کوردە بۆکوردستان
نەچێتە کۆی تیکۆشان
هەرگیز بەوە ناڵێم کوردە
بەکو ئەڵێم : (… ە) کوردە
تەمەنم گەیشت بە نۆزدە ساڵان
گەورەبووم لەناو خاکی کوردستان
نەمدیوە ئەبەد پیاوێکی وەك تۆ
چەند قسە خۆش و چەند بەگفتوگۆ
پێم بڵێ توخوا چی ئەکەی لێرە
لەناو ئەو کوردە بێ کەس و دلێرە
خاڵەی پیر دەڵێ:
من هاتووم بۆناو ئەو کوردەوارە
بۆ سەر ئەم خاکەو بۆناو ئەم شارە
ئەگەڕم بەسەر خاکی کوردستان
بۆ ناو میللەتی کوردی بێ تاوان
هاتم بۆ عێراق، دەرچم بۆ ئێران
لە بۆ تورکیا و سوریای وێران
تا هۆشیار ببن هەموو گەلی کورد
بە گەورەو بچوك، بەدرشت و ورد
وەرە پێت بڵێم: ئەی کوردی دڵسۆز
من زانایەکم لەناو گەل و هۆز
پێم ئەڵێن: لوقمان، لوقمانی حەکیم
وا دەڕم بەرەو بارزان و دەرسیم
دەرمانی دەردی میللەتم پێیە
وا بە پێ ئەڕم ئەم دووڕە ڕۆیە
تاکو تۆ بگەن، گەلانی جیهان
گەلێکیش هەیە، لەناو کوردستان
پێی ئەڵێن: کوردە و لەناو ئەم خاکە
ئاڵای بەرزیان چەند جوان و پاکە

وا ژگاری بوو، کوردانی عێراق
لەناو کورداندا، نامینێ نیفاق
کوردەکە ئەڵێ:
ئەی خاکەی پیر، قسەت زۆر ڕاستە
ئەی کوردی دڵسۆز، دەزووبە هەڵستە
با بە گوێی خاکەی هەژارمان بکەین
تف لە چارەی ئیستیعمار بکەین
هەموومان یەك دەنگ، بڵێین: بژی کورد
دوژمنی گەورەی لەناو خۆ دەرکرد
لەنێو عێراقا، سوپای تێکشەر
بەسەرکردەیی، کەریمی دلاوەر
دوژمنەکەمان لەت و پەت کرا
جا کورد و عەرەب، وا بوون بە برا
شیعری دووەمیش، کە لەهەمان گۆڤار پەخشی کردووە. بەناوی ژگاری(11) . ئەم شیعرە پێکدێت لە پێنج کۆپلە شیعری پێنج دێڕی، دە برگەیی. وشەی ناسك و ئاسان و بەزمانێکی بێ گرێ و ئاڵۆز. ئەم شیعرەش هەڵقوڵاویی ئێش و ئازارەکانی نیشتمان و گەلەکەیەتی. تێدا سوێند بەگەلەکەی دەخوات، کە قوربانی داوە و کەچی خاکەکەی پارچە پارچە کراوە. ئەویش وەك تاکێکی کورد و دڵسۆزی ئەم خاکە لە ڕۆگەی شیعرەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێت. خزمەتکردنی وڵات لە سەر خۆی دەکاتە مەرج، خەباتکردن لە پێناو نیشتمان:
مەرجە تێکۆشم لەڕۆی کوردستان
دەبێ هەوڵدەم، بە دڵ و بەگیان
تا ژگاری کەم لە چنگ دوژمنان
دیارە شاعیر ڕاستگۆیانە دەئاخڤێت و ئەم ڕەوشتە و کارە جوانەی ڕەنگدەداتەوە لەخۆی. وەك شاعیر و مامۆستایێکی دڵسۆز، هەر لەتەمەنێکی زوو قەڵەمەکەی دەخاتە خزمەتی میللەت و داوای یەکێتیی و تێکۆشانمان لێدەکات و ئاگادارمان دەکاتەوە، کە دوژمن چ لە کورد دەکات. ڕەنگە ئەم دوو شیعرە بەس بێت لە تێگەیشتن و پەیامی جوانی ئەو شاعیرە، کە بۆنی کوردایەتی لەپەیام و پەیڤ و هەڵوێستە جوانەکەی دەبینین.

سوێندم بەو گەلەی قوربانی داوە لەژێر چەپۆکی دوژمن داماوە
خاکی پیرۆزی دابەشکراوە هیچ سات و کاتێ ، نابێ بسرەوم
تا تنۆکی خوێن لە لەشما ماوە
مەرجە تێکۆشم لەڕۆی کوردستان دەبێ هەوڵدەم، بە دڵ و بەگیان
تا ژگاری کەم لە چنگ دوژمنان کەسیش ناتوانێ بگرێ جلەوم

تا کوردیش دەتە ڕێزی میللەتان
ئەی کورد درەنگە دەبەسە نووستن چاوێ هەڵێنن، بزانە دوژمن
چۆن جەرگی کوردان ئەوا هەڵئەدڕن دەهەستن ئەمەش هەموومان یەکجار
بەیەکیەتیمان، دوژمنمان دەمرن
گەر باوەڕ ناکەی بەم وتە جوانە دابەشکراوی ئەم کوردستانە
چیمان لێ ئەکەن ئەم دوژمنانە بزانە جووتیار بڕچارەو هەژار
کورد چی بەسەر هات لە ئەم ئێرانە
هەرلێدان کوژتن، بڕچی وا ئەکەن؟ بڕچی ئەم کوردە بەم دەردە ئەبەن
نابێ بڕێن کوردین بابکەین شیوەن ئەمەیە دوژمن لەگەڵا ئیستیعمار
بەهێزی پیسیان هەر لە کورد ئەدەن
هەروەها شاعیر هەر لەم گۆڤارە بە شیعر وەڵامی مەتەڵی شاعیرانی داوەتەوە. بە نموونە:
مەتەڵ چنارێك گەڵێ ئاسانە
هەوارگەیێکی خۆشی کوردانە
یاخوا هەر بژی گۆڤاری هەتاو
هەڵێنی ئەمەش با بکا بڵاو(12)
وەڵامی مەتەڵێکی محەمەد عەلی شێخ نوری جەلی _ کەیی داوەتەوە کە لە ژمارە (64) بڵاوکراوەتەوە.
ئەم چەند دڕێە شیعرە، کە قسەمان لەسەر کردن، سەرەتایی دەسپێکی کاری شیعری شاعیرە، ئەوە دەهێنێت، گرنگی زیاتر بە شیعرەکانی تر بدرێت و ئەوانەی ماون، لە ئایندەدا چاپبکرێن و تا دەستانی شیعر سوودی لێ ببینن. ەنگە ئەم نووسینەش، هەر ئاوەدانەوێکی بچووك بێت لە ئەزموونی ئەو شاعیرە، هیواخوازم شاعیر خۆی خەمێکی ئەو کارە بخوات و ژیان و شیعری خۆی ئامادە بکات، بیخاتە بەر دیدەی خوێنەر.

سەرچاوەکان:

1. فەریدوون فەرهاد شاکر، 1972 هەریر، دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری، دانیشتووی سلێمانی، نامەی فەیسبووك.
2. مجروم، شاعیر و فەرمانبەر و پیشەزان، یاسین برایم، گۆڤاری نما، ژمارە (48)، هاوینی 2019.
3. شاکر مەجروم… باوەڕکراو و خەمخۆرکی دیاری ڕۆژنامەگەریی کوردی، یاسین برایم، هەفتەنامەی زاری کرمانجی، ژ(589)، 23/4/2019.
4. ژیاننامەکە بە هاوکاری و پشتیوانی شاعیر نووسراوە.
5. دیمانە: زرار محەمەد مستەفا، هونەرمەند، 1937، ڕواندز،

ڕۆژی 23/7/2020، ئاکۆیان.
6. هەولێر. ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی و پهقافی هەفتەییە، پاشزەر: تارق جامباز، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، 2018.
7. فەرهاد شاکر مجرم، رواندز، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (17)، 7/4/1951.
8. ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە (98)، 2/12/1952.
9. گۆڤاری هەتاو، ژمارە (168)، 31/12/1959، ل13_14.
10. دیوانی بێکەس، شیعری داری ئازادی، محمدی مەلا کەریم، چاپی سێیەم، 1986. ل83.
11. گۆڤاری هەتاو، ژمارە (169)، 15 /1/1960، ل12.
12. گۆڤاری هەتاو، ژمارە (65)،20ی حوزەیران 1956.

کێچ وکارەکتەرەکان وهۆکارەکان لە هەرێمی کوردستان.. نووسینی: ئاری زێندینی

کێچ و کێچبەری دیاردەیەکی جیهانی مێژوویە لەوەتەی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی پەیدابووە خەریکی بیرکردنەوەوکێشمەکێش و حەز بە ژیان و زیاتر زەوتکردنی زیاتری نیعمەتەکانی سەرزەوی تووشی رووبەرووبوونەوەی لە گەڵ مرۆڤەکان و سروشت و ئالنگاری بەرامبەر هەمووکارەساتە مرۆیی سروشتی و دروستکراو زوڵم و زۆرداری قەوماوە کاتێك نەیتوانیوە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوەورزگاری بێت یەك لە بژاردەکان (کێچ) بووە ! کێچ لە شوێنکەوە بۆ شوێنکیتر لە جوگرافیایەکیتر لە ولاتێکەوە بۆ بۆ ولاتێکیتر لە زۆدی ەسەنی خۆی بۆ زۆدێکیتری نامۆ بە بیروئایدۆلۆژیاوئاین و کەلتوورو بارەکەمەلایەتیەکەی. کێچ لەرووی جەستە و شوێنەوە جولەی مرۆڤەکانە بەپِوەری عەقڵیش واتە بیرکردنەوەوەخنەویاخی بوون, مرۆڤی نەخۆش مرۆڤی خوێندەوار مرۆڤی بروانامەدار مرۆڤی بەتەمەن مرۆڤی گەنج نەرومۆ تەنانەت منداڵیش کێچ دەکەن ! بۆیە ناتوانین بڵێن کێچ راکردنە لە واقیع یان هەلاتنە لە شوێنك بۆ شوێنکیتر بەکو جۆرێکە لە یاخی بوون , کاردانەوە , بەرگریکردن, بنیات نانی

داهاتوو , پاراستنی شکۆی مرۆڤەکان. تاك کۆچ دەکات بنەماڵە کۆچ دەکات خۆ کۆچەکات ناچاربوونە یان ناچارکراون کۆچ بکەن! هۆکاری کۆچ, لەکۆنەوە تاکو ئێستا لە هەزارەی سێیەمین هەرئەو هۆکارەن هەبووەودووبارە دەبنەوە جا کەم و زۆر هەر هەبووە, دیارترینیان (شەڕوجەنگ , کەش و هەوا) بەڵام ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی کۆچی مرۆڤەکان لەو سەد ساڵە رابردوو تاکو ئێستا هۆکارگەلێکن دیاروزەقن وەکو (شەڕ, جەنگ , نادادپەروەری و نایەکسانی , کێشەی سیاسی, کێشەی شەخسی , کێشەی فیکری, کێشەی کۆمەڵایەتی , کیشەی ئاینی , ترس لە داهاتوو , کێشەی عەشایری, بێکاریوبرسیەتی , چارەسەری نەخۆشی) . کۆچ, بە تاك یان بە کۆ لەم سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا و خزمەتگوزاری خێراوبەردەست روو لە کەمبوونەوەیە بەبەراورد بە سەردەمی کۆن , لە ئێستادا, زۆربەی مرۆڤەکان کۆمەڵگەکان میللەتان ولاتان حکومەتەکان سەربەخۆیان وەرگرتووە جۆرێك لە یاساوسیستەمی جیهانی و ناوخۆیی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لێکالی و نێودەوڵەتی پارێزگاری لە مرۆڤ و جوگرافیا و حکومەتەکان دەکەن دیاردەی کۆچیان بە ڕێژیەك کەمکردووەتەوە, دوا کارەساتی مرۆیی و جیهانی لەم سەردەمی رابردووی دیارونزیك هەردوو جەنگی (یەکەم و دووەمی) جیهانی بوو مرۆڤەکانی ناچاربەکۆچ کردووە.

کۆچ, لە هەرێمی کوردستان

لەم هەرێمی کوردستانە (باوك دایك مندال ژن پیاو خێزان خاوەن بڕوانامە خوێندەوار نەخوێندەوار نەخۆش, گەنج نێرومێ) هەمووی بە هۆکارێکەوە کۆچ دەکەن زۆربەیان هۆکارەکان هاوبەشن هۆکارەکانیش ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوامی هەیە گەر بەردەوامی نەبوایە کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێژەیدیاردەی کۆچ بەڵام لە هەمان کاتدا گۆڕانکاریوگۆڕانێك لە بیروبیرکردنەوەی تاك و کۆمەڵگەی کوردیش هاتەتە ئاراوە هەموو غەدروپێشهاتووئامۆژگاری و بەرامبەر قبوڵ ناکات و هەرس ناکات وا بەئاسانی! خۆی بۆیار لەژیانی خۆی دەدات ئێستاوداهاتووی دیاردەکات, دەیەوێ ژیانێکی شایستەوتایبەتی خۆی هەبێ هەروەك لای گەنج و لاوەکانی ئەم هەرێمە دەبینرێت ئەمەش جۆرێکە لە گۆڕانکاری لە دابونەریت و عەقڵی تاکی کورد ئیجابیات و سلبیاتی بەرچاو روون دەبێت لە داهاتوو.

هۆکارەکانی کۆچ لە هەرێمی کوردستان

1/ برسیەتی 2/ بێکاری 3/ نادادپەروەری 4/شەڕ 5/جەنگ 6/کێشەی کۆمەڵایەتی 7/بەرژەوەندی 8/بازرگانی 9/ ترس لە داهاتوو 10/ کەیف

وسەفا 11/ نەبوونی یاسا 12/ نەبوونی سیستەم 13/دابونەریتی کۆن 14/گەشەی بیر 15/ پارەپەیداکردن 16/ خۆپێگەیاندن 17/حەزوئارەزوو 18چارەسەری نەخۆشی19/هەلاتن لە واقیع20/چاولێکەری 21/حەز بە ئازادی و سەربەستی 22/ گەندەڵی و دزی 23/ پاکتاوی رەگەزی و جینۆساید 24/ جیاوازی چینایەتی 25/ نائومێدی 26/ کێشەی سیاسی.27/حەزوخۆشەویستی ئەو شوێنەی بۆی کێچ دەکات 28 / ئازادی بیرۆا.

زۆربەی ئەو هۆکارانەی کێچ لەو (30) ساڵەی رابردووی کێمەگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان هۆکارگەلێکن بەردەوام هەبووەوهەیە ! بەڵام ئەوەی تێبینیش دەکرێ لە پاڵ ئەو هۆکارگەلێکە لە دوای راپەڕینی ساڵی (1991) هۆکاری چەندین ساڵەی پێش ڕاپەڕینیش هەن کە کێمەڵگەی کوردی پیی نەزانیوە دەربارەی ژیان و بیرکردنەوە لە کەلتووروئایبن و داب و نەریتی کۆن پەروەردەی ناتەواوە کە بارگرانی وقورسایی بووە بەسەر ژیانی تاکی کوردی پاش ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیا کرانەوەی جیهان سەردەمی (عەوڵەمە – جیهانگیری) کە زۆر شت هەبووە هەڵەبووە لە ژیانی ئەنجامی داوە ! ئەمانەش هاوکات و یەکانگیربووە لەگەڵ ئەو هۆکارگەلەی دوایی ساڵی (1991) جڕیك لە (تەقینەوە لە زیهن و مێشکی) تاك و خێزانی کوردی رووێداوە ! بەڵام ئەوەی زیاتر خەلکی ئەو هەرێمەی نائومێدکردووە کەبەردەوام هەبووە سکوچکەی هۆکارەکان (گەندەڵی و دزی , نادادپەروەریونایەکسانی لە داهات و بەرهەمی ئەم هەرێمە, نەبوونی یاساونەبوونی سیستەم).

ئەو ڕەگاوکەناڵانەی کە کێچبەری کورد دەیگرێتە بەر

ئەو شێوەورەگاوکەنالانەی کە کێچبەری کورد دەیگرێتەبەر جڕێکە لە (خۆکوشتن – ایەنتحار) ڕەگای هات و نەهات ڕەگای مەرگ وابەئاسانیش ناتوانێت کێچ بکات ئەمەش گیروگرفتەکانی کێچە لای کێچبەری کورد جڕێکە لە سەر کێشی! ڕەگای وشکانی ڕەگای دەریایی ئاوی ریگایی ئاسمانی ئەمانەش بەشێوەی قاجاغ نایاسایی بەینی جوگرافیاو سنوری ولاتان.

کێچی گەنج و لاوەکانی ئەم هەرێم

کێچ کارێك و بەیارێکی قورسە کەسی کێچبەر ڕووی لە داهاتوویەکی نادیارە هەرچەندە ئامانجی کێچبەر داهاتوویەك بێ خۆی دابینبکات نازانێ داهاتووی لەڕووی کێمەلایەتی و ئاینی و عەقڵی و کەلتووری چ گێانکاریەك ڕوودەدات یان پەسەندی ئەوگێرانکاریانە دەکات کە ڕووبەڕووی دەبنەوە یان دەتوانێت ئەو دابونەریتەی هەیبووەپێوەی

پابەند بێت ؟ ئایا پێش بریاری کۆچ ئەو لێکدانەوەی بۆ کردووەوخۆی بۆ ئامادەکردووە؟ گەنج و لاوەکان بە (نەرەم) بوونەتە پێشەنگی کۆچ لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجیاوسیال میدیا دەزانن چ دەگوزەرێ لە بچوکترین کونجی ئەم جیهانە پێویستیان بە ئامۆژگاری و ڕێنمایی کەس نەماوە پابەند نییە بە داب و نەریتی کۆمەلگە و خۆزان زۆر سزداری بیرناکاتەوە بەعەقڵی خۆی بریاردەدات ! حەزوئارەزووەکانی لەپێش هەموو شتێکەوەیە بەدڵنیایەوە دەزانێت ئەو ژیانەی لە ئەوروپا دەگوزەرێ زۆر جیاوازنرە لەو ژیانەی لە وڵاتی خۆی و کۆمەڵگەی خۆی هەیە بە مافێکی سروشتی خۆی دەزانێت یاخی بێت بریاری کۆچ بدات خۆی بە مەزلوم و ستەملێکراو دەزانێت !
دایك و باوك و منالەکان بۆچی کۆچ دەکەن ؟

دایك و باوك خەمخۆری منداڵەکانیانن بە تایبەت بۆ داهاتوو, کە کۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا مەبەستیانە و ئامانجیان خوێندنی باش قوتابخانەی باش بۆوانامەی باش ژیانی باش تەندروستی باش بەدەست بهێنن. دایك و باوك لەتەمەنێکی زۆرەوە ئامادەیە ڕێگای کۆچ بگرێتە بەر لەبەر خاتری منداڵەکانی سیستەمی پەروەردەی منداڵ لە کۆمەڵەکەی خۆی نارێکە جۆرێکە لە ترس تۆقین ئازاد نییین لە هەڵبژاردنی ژیانیان بەرامبەر بە کێشەوگرفتەکان و کەمووکوڕیەکانی ژیان بۆ چارەسەروبۆ دایك و باوك دەمێنەوە !
کۆچی بەتەمەن و پیرۆپەککەوتووان لە هەرێمی کوردستان !
کۆچی بەتەمەن و پیرۆپەککەوتووان لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە لە هەرێمی کوردستان ! حەز بە کۆچ دەکەن,ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە وەکو :

1/ دەزانن لە وڵاتە ئەوروپیەکان خزمەتدەکرێن و ڕێزیان دەگیرێت وەك مرۆڤ مافیان هەیە تامردن خزمەت بکرێن.
2/ لێرە لەم هەرێمە مافیان زەوتکراوەو خزمەت ناکرێن وەك مرۆڤ هەر وەك پاداشتێك کە چەند ساڵە لە بوارێك خزمەتیان کردووە دەزانن لە کۆتایی ژیانیان ئەرکیان قورس دەبێت.
3/ کەسە بەتەمەنەکان کەسانی مژووویی و خاوەن رابردوو بەئەزموونن ترسیان هەیە رووداوکارەساتەکان لە ڕوویی ئابووری و سیاسی میللەتەکەیان دووبارەوسۆ بارە ببێتەوە توانایی بەرەنگاریان نەماوە.
کۆچی کوردان بۆ ئەوروپا
کۆچی کورد بۆ ئەوروپا بە حیسابی خۆیان و لێکدانەوەی خۆیان

بەهەشتێك لەچاو ئەو ژیانەی لەم هەرێمەی تێدا دەژین ! لەوانەیە شوێنكیترووڵاتكیتر هەبێت بێ كێچ كچی كورد هەر رێگایی ئەوروپاوولاتانی ئەورووپا هەڵبژێرێت ! بەڵایانەوە 100% سەد لە سەد دڵنیاییە,هەرچەند لە رووی كەمەلایەتی و كەلتووری و ئاینی و ستایلی ژیان زۆر جیاوازە لەگەڵ مرۆڤی كورد بەڵام ئەو هەرێم و ولاتانەی كە هاوكەلتووروئاین و كەمەلایەتی نزیكن لە كەمەگەی كوردی كچبەری كورد ئامادە نییە رووی تێبكات ئەگەر هەزامەندیش بن نموونە ولاتانی وەك میسر ئێران سعودیە تركیا.

خاسیەت و تایبەتمەندی كچبەری كورد لەم هەرێمە !
پاش ئەو كچە بەڵشاوەوفراوانەی مرۆڤی كورد لە هەرێمی كوردستان دەستیپێكردووە بەتایبەت لەو سالانی دوایە رێك پاش سالی (1991) هەندێك خاسیەت و تایبەتمەندی هەیە جیاوازە لە هەموو كچبەرانی جیهان ! خاسیەت و كچبەری كورد , بریتیە لە :
1/ خاوەنی بروانامەی بەرز . 2/ پارەدار 3/ بازرگان 4/ خانەنشین 5/ چەند سال دەمێنێتەو دواتر دەگەڕێتەوە هەرێمی كوردستان 6/ هەركاتێك هەگەزنامەو رێ پێدانی ئەولاتەی وەرگرت دەگەڕێتەوە زێدی خۆی 7/ كەسانی بەتەمەن .

ئیجابیات و سەلبیاتی ئەم كچەی كوردان !
ئایا كێچ زیانی بە كورد گەیاندووە یان سوود؟ بەڵێ هەم سوود هەم زیان! زیانەكەی ئەوەیە پێش هەموو شت مرۆڤن لەزێدی رەسەنی خۆیان نامێنن ئەوجا وەك خاوەن عەقل و دەستی كارو خاوەن بروانامەوكەسانی پارەدارو شارەزا لە بوارەكانی ژیان كە دەتوانن ولاتی خۆیان ببوژێنەوە لە بواری ئابووری و كەمەلایەتی و سیاسی و پەروەردەیی و وەرزشی بەڵام بۆیان نەكراوەونەلواوە ! سوودەكەشی ئەوەیە هەر ئەو كەسانەی كچیان كردووە توانیتیان ببن بە بروانامەی بەرزوشارەزاو بازرگان و خاوەن پیشەی ئەكادیمی گەڵان لە داب و نەریت و كەلتوورو بیركردنەوە لە ژیان هاتونەتەوە هەرێمی كوردستان خزمەتیان كردووەوكاریگەریان هەبووە بەسەر كەمەگەی كوردی و كەس و دەوروبەریان تەنانەت پرس و راوێژیان پێدەكرێت لە زۆربەی بوارەكان و پرسە گشتیەكان و داموودەزگا حكومیەكان.

چارەسەر بێ كێچ نەكردنی كورد لەم هەرێمە
ئایا رێگا چارەسەر هەیە بێ كێچ نەكردن؟ چارەسەری روحی یان مادی ؟ پێویستی بە هۆشیاری كەمەلایەتی؟ چاكسازی لەسیستەمی كەمەلایەتی و سیاسی لەم هەرێمە, گۆرانكاری لە سیستەمی پەروەردە و خۆزان , هاندانی ولاتپارێزی و نیشتمانپەروەری, مافی هاوڵاتی بوون , مافی

مرۆڤ , پەیوەندی ئەرك و ماف , سیستەمی تەندروستی دروست, ئەمانە هەڵکاروشتگەلێکن دەتوانرێت ئەم لێشاوی کێچە رابگرن ؟ لە ئەستۆی تاکە یان لە ئەستۆی خێزانە یان سیستەمی حکومڕانییە یان رێکخراوە مەدەنی لێکاڵیەکان و رێکخراوە مرۆیەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی مرۆڤ.

ئەرك و ماف لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا.. هەسوڵبەسکێنی

لەگەڵ دروست بوونی دەوڵەتی عیراق بەپێی بڕیاری زلهێزەکان و بەبێ ویستی گەلانی عیراق بەتایبەت گەلی کورد، بەزۆر عیراقیان پێکەوە لکاند و تائەمڕۆش خەڵکەکەی نەیتوانیوە بەئاشتی و ئاسوودەیی بەیەکەوە بژین، کورد هەمیشە هەوڵی مافی چارەی خۆنووسین و جیابوونەوەی داوە، تەنانەت دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991 کورد لەباشووری کوردستان ئیدارەیەکی نیمچە سەربەخۆی پێکهێنا و دەڤ بەدەڤ لەگەشە و پێشکەوتن دابوو، بەڵام دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و هاتنی ئەمریکا و هاوپەیمانان پێداگری لەسەر یەکپارچەیی عیراق کراو بڕیاردرا هەرێمی کوردستان لەگەڵ لایەنە عیراقیەکان ئیدارەیەکی هاوبەش پێکبهێنن، دەسەڵاتی کورد داوای ژیانێکی ئاشتی و ئاسوودەیی لەعیراق دەکرد بێ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، بەهۆی بارودۆخی نالەبار و پەرشوبڵاوی هێزە عیراقیەکان، ئەوان بەزیادەوە بەمە ڕازی بوون و دواتریش لەدەستووردا دانیان بەزۆربەی ئەو مافانە دانا، بەداخەوە دواتر بەهۆی سەرەڤیی و نالەباری هەندێك لەسەرکردەکانی عیراق و کەمتەرخەمی کورد، بارودۆخەکە گەڤاو زۆربەی ئەو مافانەی کورد لەدەستوردا ئاماژەی پێ دراوە، کەمتەرخەمی بەرامبەردەکرێت و سەرکردەکانی کوردیش نەیانتوانیوە باوەڕ بەناوەند بکەن، ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەکو زیاتر هاوکاربوون بێ لەیەکتر دوورکەوتنەوەی ناوەند و هەرێمی کوردستان، ئەوەش زیانی زۆری بەهەرێم گەیاندووە، بەتایبەت لەلایەنی ئابووری و دابین نەبوونی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا دەستوور

ئەمەی □کخستووە و بە ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی داناوە، ئامادەکردنی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی و نەخشەی گەشەپێدان بەشێوەی هاوبەشەکی دەبێت.

هەموومان ئەوە دەزانین مافە رەواکانی کورد لەسەر حکومەتی فیدراڵ زۆربەیان بەپێی دەستووری عیراق دانیان پێدانراوە، لەسەر حکومەتی فیدراڵی عیراقە جێبەجێیان بکات، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی و دوورکەوتنەوەی سەرکردەکانی کورد، هەرێم کەوتە تەنگژەیەکی سەختەوە، بەتایبەت لەڕووی مووچە و دارایییەوە دۆخی هەرێم مەترسیدارە، خەڵك چاوی لەو هەموو مافە ڕەوایانەی خۆی پێشیوە و تەنیا داوای موچە دەکات، کە مووچەکەی بخرێتەوە سەر عیراق، بەڵاستی ئەمە مایەی نیگەرانییە، چونکە هەرکات حکومەتی هەرێم کێشەکانی لەگەڵ ناوزەند یەکلایی بکاتەوە، ئەو مافانە جێبەجێ بکرێن، مووچە و زۆر لایەنی تری کێشەکان چارەسەردەبن، بەڵام هەرێم نەیتوانیوە گوشار بکات، بەئاراستەی جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستووریانە، کە مافەکانی گەلی کوردستان دەسەلمێنن، وەك:

- لە دەستوری کۆماری عێراقدا ساڵی 2005 لە دیباجەی دەستورەکەدا هاتووە، کورد و گرفتەکانی لەساڵانی ڕابردوودا لە نێو نەتەوەکانی عێراق، قەرەبوی بەندی و قەرەبوکردنەوەی زیان لێکەوتوان لەسەر دەستی ژێمی پێشوو دەسەلمێنێت.
لە دەستوردا ماف و ئازادیەکان بێ تەواوی هاوڵاتیان لەعێراقدا بەدەقی دەستوری □ك خستوە، لەنێویدا کوردیش وەك نەتەوە و هاوڵاتی چەندین مافی بێ نوسراوەتەوە.
-ئاماژە بێ دەسەاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێمەکان کراوە، لە ماددەی 117 دا دانی ناوە بەسەرجەم دەسەاتەکانی هەرێمی کوردستان، وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی و بە پێگەی یاسایی هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی.
- گەانەوەی کەرکوك و چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان بێ سەر هەرێمی کوردستان، بەپێی دەستووری عیراق لە ماددەی 140 دیاری کراوە و بە پێی خشتەیەك بڕیاردراوە، سەرکردایەتی کوردیش بەڕێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو لە 31/12/2007دا ئەو بابەتە چارەسەربکات، دیاریکردنی سنوری جوگرافیی هەرێمی کوردستان و چارەنووسی ناوچە جێناکۆکان و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، بەپێی دەستوری عیراق، زۆر لەکێشە ئابووری و سیاسیەکانی هەرێمی چارەسەر دەکرد، بەڵام ئەم ماددەیە تائێستا جێبەجێ نەکراوە.

- دیاریکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا، ڕێگریی لە هەر پێشێلکارییەك بێ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەو جۆرەی دەستور بۆیاری لەسەرداوە. وەك لەماددەی 118 بەدەقی دەستوری جیاکردنەوە لەنێوان دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و ێ وشوینی هەرێمەکان دەکات، ماددەی 126 بۆگەی چوارەم ێگە نادات لەدەسەڵاتە دەستوریەکانی هەرێم کەم بکرێتەوە.

-سەلماندنی زمانی کوردی وەك زمانی پلە یەکی فەرمی لەعیراقدا، وەك لەمادەی (4) بۆگەی یەکەم هاتووە: زمانی کوردی بەهاوشانی زمانی عەرەبی وەك زمانێکی فەرمی ناساندوە.

- دەسییەی گرێبەستە ستراتیجییەکانی هەرێم، کەپەیوەندیدارن بەشەوە ئاشتی ێو سامانی نیشتمانییەوە، پارلەمان مافی ئەوەی هەیە، لەبەرژەوەندیی گەلی کوردستان بۆیاری لەسەربدات.
- لە دەستوری عیراقی فیدراڵدا بەشداری سەربازو پلەدارانی گەلی کوردستان لەهێزە چەکدارەکان و سوپای فیدراڵدا بێ ڕاگرتنی هاوسەنگیێ گەلی کوردستان وەك لەمادەی (9) بۆگەی یەك هاتووە: تەشکیل کردنی هێزە چەکدارەکان و دەزگا ئەمنیەکان لەپێکهاتەکانی عێراق و بەشداریانی مسۆگەرکردووە. هەروەها دامەزراندنی لەشکری یەکگرتووی پاسەوانی هەرێم و هێزەکانی پێشمەرگە و مافەکانی سەلماندوە.
- دەرکردنی یاسا فیدراڵییەکان و دامەزراندنی "ئەنجومەنی فیدراڵ" وەك لە هەردوو مادەی (61و 56) و کاراکردنی دادگای فیدراڵی باڵا، بێ بەرگری کردن لەمافەکانی خەڵکی کوردستان، پێکهێنانی دادگای ئیتیحادی و پێکهاتەکەی.

-خستنەگەڕی دەستەی گشتیی چاودێریی داهاتی فیدراڵ و دەستەی ڕاژەی فیدراڵ، بێ بەرگری کردن لەخەڵکی کوردستان، وەك لەهەردوو مادەی (106و 107)دا هاتووە، دامەزراندنی دەستەی گشتی چاودێری تەرخان کردنی داهاتە ئیتیحادییەکان بەسەر ناوەند و هەرێم و پارێزگاکان دەکات.

-بەپێی دەستوور سامانی نەوت و غاز وەك موڵکی سەرجەم عێراقییەکان داناوە و سیاسەتی نەوت وەك کارێکی هاوبەش لەنێوان حکومەتی ناوەند و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان جێگیرکردوە، وەك لە مادەی (121)دا هاتووە، دامەزراندنی نوسینگەکانی هەرێم لەباڵوێزخانەکانی عیراقدا لەوڵاتان بەجۆرێك نوێنەرایەتیی قەوارەی نیشتمانیی هەرێم دەکەن، ئەمە و چەندین ماددەی تری دەستوور ئەگەر جێبەجێ بکرێن، بێگومان زۆر لەکێشەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان چارەسەردەبن.

لەکاتێکدا بەرپرسانی هەرێم باش دەزانن ئەگەر ئەو مافە هەوایانەی هەرێم جێبەجێ بکرێن، خەڵك خۆشگوزەران و بابەتی موچە و زەر بواری تریش چارەسەر دەکرێن، لەبری ئەوەی لایەنی کوردیی گوشارو ململانێکانی دەربارەی ئەو بابەتانە بخاتەگەڕ، کە پەیوەندیدارن بە مافی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ستراتیجی گەلی کوردستانەوە، زەربەی ململانێکانی لایەنی کوردی لەسەر گرێبەستی نەوتی و بودجەی و وەرگرتنی پێستی باڵا بووە. لایەنی کوردیی لەو ململانێیەدا نەك هەر نەیتوانیوە لە بەغدا قەناعەت بەلایەنی بەرامبەر بکات، بەڵکو نەیتوانیوە قەناعەت بەرای گشتیی کوردستانیش بکات، کە لەسەر مافی ئەوان ئەو ململانێیە دەکات. دواجار ئەمە بەزیان بەسەر هیزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستاندا شکاوەتەوە، زیانی بەگەلی کوردستان گەیاندووە، ئەوەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنانەت ناتوانێ بابەتی مووچەش بەڵك و پێکی لەحکومەتی فیدراڵ وەربگرێت.

ئەمە بابەتێکی مەترسیدارە، کە خەڵکی کوردستان هەموو ئەو مافە هەوایانەی خۆی لەسەر حکومەتی فیدراڵ نایەتەپێش چاو، تەنیا داوا دەکات بێ مسۆگەرتربوونی مووچەکەیان بخرێتەوە سەر عیراق، دیارە کاتێ خەڵك واز لەمافەواکانی خۆی بێنێ و تەنیا مووچەی بەلاوە گرنگ بێ، بگومان کێتاییەکەی زەر مەترسیدارە، ئەمەش کەمتەرخەمی بەرپرسەکان دەگەیەنێ، پێویستە واز لەم پەرش و باڵاوی و فرەاییە بێنن و یەك دەنگ بچنە بەغدا و داوای مافەکانی هەرێمی کوردستان بکەن و وەك پێویستە هاوکاربن و باوەڕ بە حکومەتی عیراق بێنن، مادام هەرێمی کوردستان تائێستا بەهەسمی بەشکە لەعیراق، پێویستە لایەنی هەرێمی کوردستان ئەوە لەبەرچاوبگرێ، بەجدی مامەڵە لەگەڵ عیراقدا بکات و پێداگری لەسەر مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا بکات، دانوستان و ئەرك و مافەکان بەپێی دەستووربەڵگەوە ببات، ئەگەر جیالەوە بەهەر شێوەیەکی تر مامەڵە بکات، پێویستە ورد و ژیرانە بیر لەهەموو ئەگەرەکان و ئەنجامەکەی بکاتەوە.

هەسوێ بەسکێنی

مردن لە پەناوی هونەردا.. جواد خەلیل

ڕەحمەتوڵا شەتاغ سوڵتان ئاغا خەلیل، ناسراو بە (مەلا شەتاغ) کە بە دامەزرێنەر و ئابووری ئاستەقینەی مەقاماتی عێراقی دادەنرێت، لە ساڵی (1793) لە کفری لەدایک بووە. خوێندکاری (مەلا وەلی) بووە و هەر لەسەردەستی ئەویش فێری مەقامات بووە، دوای ئەوەی دووان لە مامۆستا دەبنە قائیمقام، یەکیان قائیمقامی کازمیێە لە بەغدا و ئەوی تریان قائیمقامی بەعقوبە، باری دارایی ئەمانیش باشتر دەبێت و وەک هاوکارێکی مامۆی، لەگەڵ باوکی دەچنە بەغدا و لەوێ نیشتەجێدەبن. لەوێ هەڵسی ئەوەی بە دەرخسێ لەیەکەک لە قاوەخانەکانی بەغدا دەست بکات بە مەقامبێژی، هەبەتە ئەمەش بە هاوکاری گروپێکی مۆسیقی ئەو سەردەمە، کە میوزیکژەنی ناسراوی جوولەکە (حەسقیل شمولی عەزرە) ئابڕایەتی دەکرد و پێکەوە چەندین کاری گرنگیان ئەنجامدا.

بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ئامڕێکی تەمارکردن نەبوو، هەموو ئەو بڕەمە گرنکانەیان لەناوچوون. مەلا شەتاغ وەک کوردێک لە بەغدای دوو سەدە لەمەوپێشەوە، تەواوی خەڵکی بەغدای عاشقی دەنگی خۆی کرد، مێژوونوسان و شارەزایانی مەقامی عێراقی هاوڕان لەوەدا کە لە سەردەمی مەلا شەتاغ، هیچ مەقامبێژێکی تر نەبووە هەندەی ئەو بەناوبانگ و خۆشەویست بێ لە لای خەڵکی عێراق. ئەو باشترین و ناسراوترین مەقامبێژی عێراق بووە. لە گرنگترین ئەو مەقامبێژانەی کاریگەربوون بە شێوازەکەی، لە کوردستان (عەلی مەردان و حوسێن عەلی و مشکە) و لە عێراقیش(ئەحمەد زەدان و محەمەد قوبانجی و نازم غەزالی).

بە پێی چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی، مەلا شەتاغ لە کۆتایەکانی تەمەنیدا نەخۆش دەکەوێت و پزیشکەکان پێی ڕادەگەیەنن کە ناوبراو چیدی مەقام بژەت و ئەگەر جارێکی تر بچڕێتەوە لای گەرانیگوتن، ئەوا بە هیچ گومانێک دەمرێت. بەڵام ئەو گوێی نەداوەتە ئامۆژگاری پزیشکەکان، بۆیە دەچڕێتەوە بە قاوەخانەی (الشط) و مەقامی تەفلیس دەڵێتەوە و دەنگی زۆر بەرز دەکاتەوە، بەمەش تەندروستی بە تەواوی تێکدەچێت و بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات.

ملا شێتاغ وەک چۆن ژیان و بوونی خۆی بەتەواوی بە هونەر تەرخانکردبوو، ئاوهایش ئامادەبوو لە پێناوی هونەرەکەیدا بمرێت، ئەو نەیتوانی بە بێ هونەر بژی، بەمەش بوو بە یەکەمین هونەرمەند لە مێژووی عێراق و کوردستاندا، کە ئامادەبێت گیانی خۆی بکاتە قوربانی بۆ هونەرەکەی. ملا شێتاغ لە ساڵی 1871 لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆستانی شێخ عومەر دەنێژرێت.
ئەوەی جێی سەرنجە، دوای ماوەیەکی کەم لە مردنی، ئامێری دەنگ تەماركردن لە لایەن ئەدیسنەوە داهێنرا و زۆرێک لە قوتابیەکانی مەقامەکانی خەیان تەماركرد، بەڵام دەنگی مامۆستاکەیان بە ئەبەد بە نەبیستراوی مایەوە!

لە گرنگترین داهێنانەکانی لە بواری هونەری مەقامبێژیدا:

1. داهێنانی مەقامی تەفلیس، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین شەوازەکانی مەقام و بە یەکەم جار ملا شێتاغ دایهێناوە و شیعرەکەشی کە بە زمانی تورکییە، هەر هی خۆیەتی.
2. یەکەمین کەسە پارچەی (سیێنگ)ی لە مەقامی (ڕاست)داناوە و وتوێتیەوە.
3. یەکەمین کەسە مەقامی (ئیبراهیمی) لە (دووگا) وتووە، کە بە یەکێک لە قورسترین جۆرەکانی مەقامات دادەنرێت.
4. زۆربەی وشە تایبەتییەکانی نێو(سێگا و دووگا و ڕاست و ئیبراهیمی) لە لایەن ئەوەوە دانراون و بوون بە یاسایەک بۆ زۆرینەی مەقامبێژان.

دوای زیاتر لە سەدە و نیوێک لە مەرگی ئەم هونەرمەندە مەزنە، نێک هەر هەوە نەدراوە دیراسەی قووڵ و ئەکادیمی باشە لەبارەوە ئەنجام بدرێت و داهێنانەکانی بخرێتە بەرباس، بەڵکو خانووەکەی ملا شێتاغ لە کفری و هەموو ئەو شتانەی پێوەستن پێیەوە، لە ئەستادا هەموویان بوون بە کەلاوە و بەرەو لەناوچوون دەچن. ئەمە لە هەر شوێنێکی دیکەی دونیادا بووایە، دەنیام دەکرا بە مەزەخانەیەکی هونەری و مێژوویی گرنگ و بە باشی دەپارێزرا، بەڵام دیارە لە ناو قەومی بەسیتا، قەدری سینعەتکار، وەکو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا.

جواد خەلیل



فلاشباک/28/ ستیڤان شەمزینی

لە دەفتەری بیرەوەریی رۆژانەوە

بەشی بیست و هەشت

دەمکە سەیرکردنی "تی ڤی"م بیر چۆتەوە، سەیری خاک تی ڤی دەکەم، دەخەشم بەوەی گوێ بە پارچە موزیکەکی کوردیی دەگرم، موزیکەک بە ئامێری پان فلووت. کاک "دیاری" ژنیاری پان فلووت زۆر بە چێژەوە ئەو پارچە موزیکە پێشکەش دەکات. ئەم موزیکە بردمییەوە بە دنیای "نیتشە" و ئەو وتەزایی دە "تاکە شتێک وامان لێدەکات بەهای هەقیقەتەوە نەمرین، هونەر" لەم رۆژانە هەمان ئەو وتەیم بە "کامەران لەتیف" نووسی کە پێشانگایەکی "میتافەر"ی لە هەی میدیا کردبووەوە بە بۆنەی یەکی ئایارەوە. ئەمە بە بەراوورد بە رۆژانی دی، ئاستی رەشبینییەکەم کەمتر و لاوازتر، رەنگە ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە بێت دوێنێ لەناو حەماسی یەکی ئایاردا بووم. لە هەوڵی ئەوەدام شاکارێکی ناوازەی وەک "فاوست"ی "گۆتە" دەست بخەم و بیخوێنمەوە، زۆرم لە بارەی "فاوست"ەوە بیستووە و خوێندۆتەوە، هەست بە شەرم دەکەم هەشتا ئەو دەقەم نەخوێندۆتەوە. جیاواز لەمانە هەگری دنیای "جاک لەندەن" و "فلوبەر" بووم، مانی مارکسیێت ئاوا بە منەکی گوایە خوێندەوار تازە بە تازە بە "ئارسەر رامبۆ" ئاشنا دەبم.

ئەم هەر لە دنیای چیخۆف و گۆرکی و مارکیز و برێخت و کۆ و کۆی تردا چەقیون، پەویستە شتی نوێ فێر بین و سەیری دونیا بە چاویلکەیەکی تازەوە بکەین. خەمی قووم ئاوایە هەزارەها مارکسی دیگما لەم وڵاتەدا بەرگریی کوێرانە لە ئایدۆلۆجیاکەیان دەکەن کەچی ناتوانن دیراسێی "لوی ئالتوسێر" بکەن، ئاخر خۆ کەس نییە هێندەی ئەو داکۆکیی لە مارکس بکات بە فاکتی زانستی و تێزی ئەکادیمی نوێ کە فەلسەفەی هاوچەرخی ناچار کردووە دانی پێدا بنێن!!!. ئێستا ئەم زەربەزییە بەس دەکەم و نامەیەکی عاشقانە بە دلبەر دەنووسم، هیوادارم ئاویش ئەو قوفڵە گەورەیەی مەشکی بشکێنێت و دەرگای بیرکردنەوەی بکاتەوە.

نەفەسەکم لە جگەرەکەم داوە، هێندە تامی ژیانمان ئێدا، خواردنەوە ئەلکهولییەکان نەبە، هیچ خودایەک ناگاتە فریامان. شانۆگەریی "دەرگاکان"ی "یوسف سائیغ" ئاخوێنمەوە لەو پەرەگرافەدا چەقیوم، کە هەڵی دادگایە و عاشقەکە لە قەفەزی تاواندا راگیراوە،! دادوەر پرسیاری لە ئەکات بۆچی ئەو تاوانێت ئەنجامدا؟؟ عاشقەکە بە نەرمی و دەنگێکی نەوی وتی "جەنابی دادوەر، عەشق حاڵەتی سەراسیمەیی و سەوداسەرییەکی بەو چەشنەیە، کە نەدەزانی چی ئەکەی و نە بیرت دەتەوە چیت کردووە!". هەستێکی سەیرم هەیە لەو کاتەوەی هەستم بەدەی خەم کردووە، ئاگری عەشق ئەیسووتێنێ، کەچی لە وەاتەکدا بیر لە عەشق ئەکەمەوە، پەیاتی لە گەڵی بە کەمەڵی کترە عاشقەکان، پەیاتی لە چەلەکەی کوژراو!!.

هەستم ئەڵەی بایەقووشە، ئەیەوێ شتێکی ناخۆشم پێبڵێ، رەحمەتم لێنادەم، جادووگەریش نیم، نە خەڵفاویشم، ناتوانم بەم بە لە شتیم تیا نییە، بەڵام بۆنی خوێن ئەکەم، پەموایە ئەم کێشمەکێشەی نێوان حزب و یەکێتی ئاگاتە رووداوی دێتەزێن. بە دەست من بە لوولەی چەکەکان فڕێ ئەدەمە زەرابەوە، خوێنی مرۆڤێک لە هەرچی ئایدۆلۆجیا و پڵاتیکە پیرۆزترە. ئێستا لە ناو حزبدا ئەمە تەرح بکەم، نێک بە ئاژیتاتەرێکی بەرجوازی تاوانبار ئەکرێم، بەکو گومانی تابوری پێنجەم و سیخوریشم لە ئەکرێ!!!. ئاخ چەند بە چارەم. هەست بە دێتەنگی زەر ئەکەم، هەروەک ئەو رۆژە کە بە هاوڕێیەکم وت "ئاخ لەو قووپی گریانەی لە دەریای غەمگینی دەمدا شەپۆل ئەدات". یان لە نامەیەکدا بە یار نووسیبووم "زەر سەیرە هەمیشە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێم کەچی هەر لە دوای دواوەم". با دوا نەکەوم لە نووسینی نامەکە بە یار، بۆیە لێرەدا بەم دەڵێ کۆتایی بەم نووسینە دەهێنم: "ئەم گەردوونە زەر لەو بچووکترە ڕەشبینی و خەمەکانی منی تێدا جێگە بێتەوە".

2-5-2000

تێبینی: ئەم بەشە لە لاپەڕە 95-98 کتێبی "فلاشباک"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای ساڵی 2017 چاپ بووە

چەند شیعرێك لە شاعیری عێراقی (قاسم سعوودی)ـەوە.. و: نەژاد عزیز سورمێ

• شووشەی براکەم
براکەم منا‌ڵكە لە شووشە
دایكم زۆری لە خەم دایە
بە عادەت
یاری بەسەر پشتی باوكمەوە ناكا ..
كە لەگەڵ منا‌ڵانی هاوسێدا بەشەڕ دێین
لە پەنا خۆمانی دەنێین
كە ئادەكا چاوەدێری دەكەین
وەختێ دەشنوێ
ترسی ئەوەمان هەیە خۆی وەرگێڕێ و
دایكم خەمی پێوە بخوا ..
لە پێكەنینی ئێمە بەدەر
هیچ ناخوا
لە كاتێكا چێشتی نەكوێاو
لە موویەق دەدزین
بە درۆزایی ڕۆژێ دەدرەوشێتەوە
بۆیە یەكسەر كچانی هاوسێ عاشقی دەبن ..
نەچووەتە قوتابخانە
نەبادا منداڵان بەردی تێ بگرن
زۆر حەزی لە جل و بەرگ نییە
بە ڕووتی دەچێتە سەر شەقام
براكەم كە لە شووشەیە

ئەم جەنازەی شەهیدێکی بینی و شکا .

• کتێبی باڵداران
جارێ لە کتێبی باڵداراندا خوێندمەوە
چۆلەکەی مێینە
پاش نیو سەعات لە مردار بوونی چۆلەکەی نزرینە
شوو دەکاتەوە ..
بەڵام ئەو چەند چۆلەکەی ماڵهاوسێمان
ئەوەیان نەکرد
دەیانگوت
شەرم لەو ژنە هەشپەشە دەکەین
کە لە هەموو شەڕان هاوسەری دەمرێ و
پارچەیەکی گەورەی گەرم
لە ڕێحی دەبا .

• پارچە زێڕێکی بچووك
ڕۆژێ لە ڕۆژان
دایکم پارچە زێڕێکی بچووکی هەبوو
بچووك زۆر بچووك
سەرباز لە وەختی شەڕدا لێیان ستاند
بابم ساڵێکی تەواو لە کۆگەی گەنما
ماندوو بوو
تا ئەو پارچە زێڕە بچووکەی بۆ بژنێتەوە
کە بوو بوو بە گوللەیەکی گەرم و
سەربازێکی هێ لە وێدا کوشت
دایکم ئێستا ئەو پارچەیەی بە بیر نایەتەوە
بەڵام زۆر جار لە خەون دا
تەرمی ئەو سەربازە ترساوە دەبینێ .

• کۆتر

لەسەر دەرگاکەیاندا نووسراوە شەهید
ژنەکەی لە ماڵەوە
بایەخێك بەوە نادا
چوون ئەو پیاوەی خۆشیویست
زۆر لەو مانایە فراوانتر بوو
وەك بنمیچێك چۆلەکەی لە بندا دەنوون
بۆ ئەوەی هەبلەرزن

ئەو ئێستا
لە ێیزوەستانی خانەنشینیدا
وێنەی کێترێکی سەرگەردان بە تەنێیە
ئەو پێلیسە گەمژەیە چاوچاوانێی لەگەێ دەکا ..
شوفێری تاکسیی چاولەدەریش
تەنانەت کێنەفرێشی جل و بەرگ و
تێلازەکانی شار ،
هەمووان چاوبازی لەگەێ دەکەن ..
ئەو بە تەنێ چاودێری هەموو ئەوانە دەکا و
سەری خێی
بە کێلی گێەکەیدا دەکێشێ ..

• ئێسقانی ێەش
برادەرەکەم
کە زێر دێخێش بوو بە بووکەکەی
کچی سەوزەفرێشەکە
دوای سێ هەفتە
لە شێوەی چەند پارچە ئێسکێکی ێەشداگەێاو
بێ بووکێ گەێایەوە
ژنی بچکێلە وەك دەستێکی بێاو
لە جێی خێیدا هەێدەبەزی و دادەبەزی
دایکی لەسەر دارەمەیتەکە خەوی لێ کەوت
باوکی وێسەری خێی ێاهاتبوو
دوای ساێێك
پێی بچکێلانە
لە ژووری ژنەکەدا وەدەر کەوتن
هاواریان دەکرد : بابە بابە
برا بچووك بە قسەی بابی کرد و
بوو بە باوکی منداێەکە
دایکی بچکێلە
بە هاوسەری نوێی دێخێش بوو
زێر دێخێش بوو ..
دوای دە ساێ
شەێ بێ تاوێ خەوت
برادەرەکەم بە زیندوویی گەێایەوە
لە دەرگای دا
دایکی نەدیتەوە

ژنەکە وەك دەستی بۆاو ئادەپەی
باوکی لەسەری خۆی دەدا
برای بچووکی وەك فرمێسکی من
کە ئەو دەقە دەنووسم
بەسەر چاودا کەوت .

• دەتەوێ بەهەشت ببینی ؟
دەتەوێ بەهەشت ببینی
بچێرە بازاڕێکی میللی
مێز و ئەناناس و سۆفرێش واز لێ بێنە
لای ئەو پێرەمێردە بوەستە
لەسەر ئەرز ئاکشاوە
سندووقێك تەماتەی لە تەکە
سێ ڕۆژە ماوەتەوە ..
ئەوە بەهەشتە .

_____

قاسم سعودی ... شاعیرێکی عیراقیە ساڵی 1969 لە بەغدا لەدایك بووە .
تا ئێستا زیاتر لە 5 کۆشیعری بۆاو کردووەتەوە ، لەوانە : (چرایەکی داخراو) و
(کورسی ژەنیار) و (سەرکەوتن بەسەر پشتی باوکم دا) کە ئەم شیعرانە لەو
کۆشیعرەوە کراون بە کوردی .
بۆوانە : قاسم سعودی (الصعود علی ظهر ابي) چاپی یەکەم 2016
بۆاو کردنەوەی دەزگای (مسعی) بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لە کەنەدا
بە هاوکاری دەزگای (العنوان)ی (الشارقة) .

□

"ناسا" زۆربەی ئامادەکاری بۆ ئاشنابوونی یەکەمی لەگەڵ بوونەوەرگانی فەزا.. فایل شۆک

ڕۆژی دووشەمە (٣ ی یەنایر)، چاودێرانی تەلەسکۆپی جیمیس وێب، دەستیان لەسەر دیمان بوو، کە خڕیکی لەکبەستنی چارگێیکی مەزنی ئۆو تەلەسکۆپە بوون کە تیشکی پشنگداری بۆ ئەندازەی خڕی دەگرتەوە، ئۆو چارگێیە، وەک زرپشکی پێنج چینە، بۆ قەد یاریگایەکی تەپی تەنس دەبۆ. تەچووی ئۆو تەلەسکۆپە تاکو ئێستا (١٠) ملیار دۆلار و زانیانی هەموو جیهان، شۆو و ڕۆژ چاویان لەسەر و زەر ئومێدیان پێیە کە زانیاریی کەشفنەکراوەی ئۆو فەزایی فراوانیان بۆ وەدەست بێنن، کە تاوەکو ئێستا لێ و نادیار و بزرن.

لەدەرەوەی ژووری تاقیگە و چاودێری، کەمێک لە زانیانی (ناسا ـ ئاژانسی ئەمەریکی فەزا)، خڕیکی داشتنی نەخشە و پلانن بۆ ئامادەکردنی سەرنشینانی ئەم زەویی، بۆ یەکترناسین و ئاشنا بوون بۆ بوونەوەرگانی دیکە، کە ڕەنگە لەو گەردوونە بسنووردا، بۆ شۆیەک لە شۆکان هەبن. ئێستا، بۆ کردار، بۆ یەکەمین جاری(ناسا) خڕیکی هەبژاردنی لەژنیەکە لە پیاوانی ئایینی، لە قەشە و مامۆستا و مەلا، ژمارەکەیان (٢٤) کەسە، بەمەبەستی خۆ ئامادەکردنی خۆیان بۆ ئۆو ڕۆژەی کە هەواڵی دەزینەوەی یان پێوەندی کردن بۆ بوونەوەرگانی فەزا دەکرێت.

(ناسا) گرەکیەتی، بزانێ ئایینەکان بۆ چ شۆیەک پشوازی لەو جۆرە هەواڵە دەکەن، بریاریی چی لەسەر دەدەن و ئۆو بوونەوەرانە ـ ئەگەر هەبوون ـ چۆن پێناسە دەکرێن و خەڵکی سەر ئەم زەویی دەبە، بۆ گوترەی شرع و دەستوورگانی ئایین، چۆن مامەڵە و ڕەفتارینان لەگەڵ بکەن. لەوش گرینگتر، (ناسا) لەژێر پردەوە دێوەوە بزانێ، ئەگەر ئۆو شتە ڕووبدا، تەوانینی پیاوانی ئایینی و ئایین و خەڵک و خوا، بەرانبەر چەمکی خودا و خالق و گەردوون چی دەبە.

کاڵە بیلشر، سەرکی پشووی پێمانگەی زانستیی بوونەوەرگانی

فەلەک، کە سەر بە (ناسا)یە ئاوەی هاوبەشی هەیە کە چەند زانایەکی ئایینی لەو دەزگایە دامەزراون بە لێکۆڵینەوە سەرنجدان لە ئاکامی ئەو زانست و تەکنەلۆژیایەی لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەردەستە دەبێ و کەمتەرخەمیەک پرسیاری نەکراو، هەنگبەی بوروژێنێ . ئەو دەڵێ:"ئایین سەدان و هەزاران ساڵە لە نێو دڵ و دەروون و هزری خەڵکدا چەکەرەی کردووە، پایە و مەقام و ڕێزی خۆیان هەیە، دەبێ بزانیین کاردانەو و پێچەکرداری ئەو خەڵکە باوەڕدارە، چی دەبێ، وە چۆنیان ئامادە بکەین بۆ ئەو هەواڵە، گەر ڕۆژێ پەیوەندی بە بوونەوەرانی دەرەوەی ئاسمانی خەمان کرا." ئەو زانایە دەڵێ:' نابێ، هەروا بیر بکەینەوە، کە ژیان، تەنها لەسەر زەوی هەیە. ئەمە دەزانین پتر لە (١٠٠)ملیار گەلێ ئەستێرە لەو فەزایە بۆنی هەیە، لە هەر گەلێ ئەستێرەیەکەشدا پتر لە (١٠٠) ملیار هەسارە بوونیان هەیە."
لەوتەی مرۆڤ خووی داوەتە زانستەکانی فەزا و فەلەکناسی و خەر و ئەستێرەکان، قەت بە قەد ئیمڕۆ پێ زانست و بە توانا و خاوەن کەرەستەی تەکنەلۆژایی و دیگیتاڵی پشکووتوو نەبوو، ئەو پشکووتنەش ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەردەوامی دایە، بەیە دەرگای زۆر لە (ئۆگەرەکان) کراوەن و دوور نییە موفاجەیەک هووبدات و هەواڵی پشبینی نەکراوی دەرەوەی ئاسمانی خەمان بزانین.

یەکێک لە زاناکانی (ناسا) دەڵێ،" بەدووری نازانم، لە ساڵی ٢٠١٨، بوونەوەری بێگانە سەردانی زەویان کردبێ و ئەمە پشمان نەزانی بێ، نابێ ئەوە بە خەون خۆیان و لێکبدرێتەوە و ڕاڤە بکرێ."

هەرچی سیلفانە کاڵەمبانیە ــ کە ئاویش زانایەکی (ناسا)یە دەڵێ:"هەیە، گەر ئەمە وا بهێنینە بەرچاوی خەمان، کە ئەو بوونەوەرانەی فەزا، مەخلوقێکی وەک ئەمەن و گۆشت و ئیسقان هەیە هەنگیان وایە و وایە...! ئەوانە هەموو بچوونن، هەنگ بە بوونەوەری زۆر بچووک لەدەبەدەر زیرەک بن."

زانایان، هەموو ساڵێک، لێکۆلینەوە دەخەنە بەردەم زانایانی (ناسا) و دەڵێن، دەنگ و ڕاوڕاو وسەدای بوونەوەرانی دیکەی دەرەوی ئاسمانی خەمانیان وەرگرتووە بیستووە، بەڵام هیچیان بە شێوەیەکی زانستی پشت ڕاست نەکراونەتەوە. ئاوەشمان لەبیر نەچی، زانایان دەڵێن تەلەسکۆپی (تشایم) لە کەنەدا، دەنگی هاتوو لە دەرەوی ئاسمانی ئەمە تۆمار کردووە، یەکەمین پەخشی ڕادیۆیی کە زەوی وەریگرتبێ فریکەنسیەکەی (٧٠٠) مێگاهرتز بووە.

ئەو لێژنەیەی (ناسا) لە پیاوانی ئایینی پێکهێناوە، ناونراوە (gadgets)، هەرچی زانکۆی (CTI) لە ئەمریکا دەمێک (ناسا) چەندان پیاوی ئایینی لە دەزگای لێکۆڵینەوە دامەزراندوە لە ئێستاشدا، وا دوو کشتی گەڕێک بەدەوری مەرخ دەسووڕێنن و چەندا ئامێری هەستەوەریی (ناسا) بە دزی و بە ئاشکرا هەر خەریکی پشکنینەوەی فەزان و ئیمڕۆش هیوا و خەونی گەورەی (ناسا) و جیهان تەلسکۆپی جیمیس وێبب، کە تاکو ئێستا بە گەورەی نەخشەی داندراو، وەکو سەعات بە جوانی کاری خەی دەکات. ئاژانسی ئەمریکی فەزا، خەرجاتی (یەک ملیون بە ١٠٠) هەزار ملیۆن دۆلاری داناوە بە هەر کەس زانستیانە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە؛" ژیان چییە؟ ئایا بوونەوەر دی لە فەزادا هەنە؟ چۆنن؟

تاوەکو ئێستا، ناو و ناسنامەی ئەو (٢٤) پیاوەی ئایینیە لە قەشە و مالم و مەلا، ئاشکرا نەکراوەن کە لە دەزگای (ناسا) دامەزراون، بەڵام زانراوە کە قەشەی ئینگلیزییان تێدایە.

تا ئێستا، هیچ لە پیاوانی ئایینی، هیچ فەتوایەکیان لە بارەی ئەو دەنگوباسانە نەداوە و چاوەڕوانین ئەوان چ دەڵێن.

لەژێر عەبای هەندە نووسەرانی ڕۆژاوا، ئەوە دەخوێندرێتەوە، کە وا پێدەچێ، (ناسا) ڕاز و نهێنییەکی هەبە و بەدەستی گەیشتبێ، بەڵام جارێ، کاتی درکاندنی نەهاتووە، یان جوریەت ناکات ـــ لەبەر هەر هەیەک بێ، بیدرکێنێ، یان تەواو بۆی ساغ نەبووەتەوە.
وللە اعلم!

فازیل شەوکە ـــ دوبلن

خانمێکی چاونەترسی کەماریکان: لیز چینی.. ئاوات ئەسعەدی

ساڵی بەر لەئێستەو لە 6 ئەم مانگدا، دوژمنانی دیموکراتیەت و لایەنگرانی پارتێکی دەڵاوی پشبڕکێی هەڵبژاردنکانی سەرکایەتی وڵاتە یەکگرتوکانی ئەمریکا کردارێکی زۆر خەترناکیان ئەنجامدا.

لەو هەڵبژاردنانەدا کاندیدی دیموکراتەکان، جۆ بایدن، بە چەندو چوون بە 81 ملیۆن دەنگ بەرامبەر بە 74 ملیۆن دەنگ هەڵبژاردنەکانی بردبووەوە. کەچی بە دنەدانی دۆنال ترەمپ، هەزاران کەسی کەماریکان و راستڕەوانی ئەمریکا زۆر بەباکانە هێرشیانکردبووە سەر کاپیتۆل، بە بڕگرتن بە دانەهێنان بەسەرئەنجامی فەرمی ئەو هەڵبژاردنانە.
پاش ئەو دەستدرێژیە ناشەوایەی سەر کاپیتۆل، دەی دیموکراتیەتی ئەمریکا، زۆر کەم بوون ئەو کەماریانەی کە کردارەکانی ترەمپیان خستە بەر ڕەخنەوە. یەکێک لەو کەسایەتیانە خاتو لیز چەینی بوو. ئەم خانمە بۆیە، تاکو ئەمڕۆش نەک هەر کەمی نەداوە، بەڵکو پاش ساڵێک بەسەر ئەو کردارە تووندوتیژیە، سوورە لەسەر هەوڵستی بۆ ئەمەکی لە پاراستنی دیموکراتیەت لە وڵاتەکەیا، سەرەڕای ئەو هەموو دوژمنایەتیەی لە نێزیکانی پارتەکەیەوە ڕووبەڕوی دەبنەوە. هەربۆیەش لە مانگی حوتەی 2021 لە سەرکایەتی فراکسیۆنی کەماریکانا دەرکرا.
لە گفتوگۆیەکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کەناڵی ABC بۆ ئاشکرا گومانی لەوە بوو، کە ترامپ، کە زۆر بەجدی هەوڵی گەڕانەوەی ئەدات، کەسێکی گونجاو بێت، بتوانێ جارێکی دیکە ئەمریکا بەیەکەوە ببات. "هەر کەسێک هەڵکوتانێکی تووندوتیژانە بەسەر کاپیتۆل بهۆژنێت، بەمبەست ڕاگرتن و دان نەهێنان بە ژمارەی دەنگدەران، هەر کەسێک بەوانەتە تەلەفزیۆن، چۆن خۆشک لە پۆلیس ئەدێن، لە کاتێکدا لایەنگرانی هەڵئەکوتنە سەر کاپیتۆلی وڵاتە یەکگرتووەکان، بگومان ئەو کەسە ئەوەی لە بارا نیە، لە ئایندە دەسەڵات بگرێتەوە دەست." وتیشی ناشکرێت جارێکی دیکە ئەو کەسە نیزیکی کۆشکی سپی بکەوێتەوە.
ئەو لیژنەیەی بە لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی 6 ی کانونی دووەمی 2021 بە کاپیتۆل دانراوە، کە خاتو چەینی یەکێکە لە دوو ئەندامی کەماریکانا تیایا، گەلە زانیاری گرنگی کۆکردۆتەوە، کە ترامپ زۆر بەباک بووە، لەو پۆلاماردانەی سەر کاپیتۆل. تەنانەت کچێکی، ئیڤانکا، بەڵای کەمەوە دووجار بهودە داوای لێکردووە، دوایی بەو کارە تووندوتیژیەی لایەنگرانی بهێنێت. ئەمە سەرەڕای ژمارەیەک لە کەماریکان یان هاوکارەکانی ترامپ خۆی، کە پێکەوە لە کۆشکی سپی بوونە لەو کاتەدا.
خاتو چەینی بەڵایەوە زۆر گرنگە، کە گەلی ئەمریکا دەرک بەوە بکات، کە ترامپ "چەند مەترسیدارە" بۆ دیموکراتیەتی ئەمریکا. بەتام لە جیهانی سیاسەتی زۆرینەی پیاوانی هەڵپەرستی کەماریکانا خانمانی دەسزو بۆری وەک خاتو چەینی بەوچان دژایەتی دەکرێن، وەک ئەوەی ڕووداوەکانی کاپیتۆل هیچ نەبووبن. لە دامێنی ئەم هەوڵستە نالەبارەوە ئەبێت پشبینی ئەوە بکرێت، کە مەترسی دووبارەبوونەوەی

هەڵکوتانە سەر کاپیتاڵ لە ساڵی 2024 شتێک نیە مەحاڵ بێت.

کۆرتەچیرۆک/ کچ و کوڕانە سەردەم!.. ڕەسوا بەختیار

پێکەنین و گاتەکانیش بۆتە بەرژەوەندی ئەمە ئێستا لەناوەندی بەرکەی سەیر و سەمەرەکاندایین، هیچ شتێک بەهای نەماوە، هەر چەنێک بە دەبە خۆ گونجاندنێک لەو نەوەندەدا بهێنینەئارا، دەنا لەبەرکردنەوەکەدا نغرۆ دەبی و لەدواتردا چەندین نەخشی دەبێتە بەشێک لەجەستەت، هەر هیچ نەبێ تووشی نەخشی گەدە و قوڕن دەبیەوە...
-ئاگەر باسی زەمانی زوو دەکەی، یان ئەوەتا ڕۆژگارێک، خۆت بۆتە بینیووە، ئاگەر باس لەئاینەکان و هەرچی بت و سەنەمی پێشووە، ئەوا تا بڵیانی لەگەڵ سەکترو سەدان کەسی دیکە بدوێن، ناگەینە ئەنجام،
-لەوگەڵە ئەو گەنجەی لەکەلانەکە تێپەڕی، زۆر مەوومەچ بوو، کەشەی ئەمە چییە، دیار بوو تەی دەناسی، بەلاچاوەک سەیری کردی..
-زۆر باش ناینناسم، بەڵام کەمەک لەکەشەکانی دەزانم، کەشەی سەرکەی ئەم گەنجە دەدارە و ئێستا کچە لێی بایداوەتەوە، دەڵێ :شووت پێناکەم، چونکە لەتە باشتر شایدام بووە...زۆر بەراشکاوانە پێیگوتووە: ناتوانم لەخانوویەکی سەد مەتری بژیم، دەچم لەقەڵایەک دەژیم چیم بووە بەم دەکرێ، لەجیاتی رابکەم بە دامەزراندن، خەی کەمپانیای هەیە و لەلەقەکی کەمپانیاکە خەم دەبەم بەخاوەن و بەڕێوەبەر.
-باشە، ئەمە شتێکی ئاشکرایە و بیانوویەک نەماوەتەوە بە بەناو خۆشویستە، ئێستا هەمووی بۆتە حەز حەزەکە.
کەشکان ئەوەندە زەحمەن لەژمار نایەن، پێشتر پێمان سەیر بوو، لەڕگەی فەیسبووک کچ و کوڕێک یەکتریان دەناسی و دواتر لەناوەندی قسەکانیان خۆشەویستیان ئاوگەڵە دەکرد، هەڵە لەوێدا هەڵە و ناوی منداڵەکانیان دادەنا، ئەمە هەمووی لەدواتردا بووە شتێکی ئاسایی، سەدان بگرە هەزران کەس لەدونیادا بوون بەهاوسەری یەکتری... تا ئەرەش ئاسایی بوو، بەڵام پێچی یاریکردنە زیاتر منداڵ و هەرزەکاران یاری دەکەن.

باوکی کوڕە و کچە لەسەری خەیان دەدەن و دەڕۆن، مادام وایلەهات با هەر یەکەو دوو برادەری خەی لەپەپجی بەنە بە شایەدی.